هاوپەیمانی عەزم: دوایین دانیشتنی پەرلەمان ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە بازرگانی بە مافکانی سوننە دەکەن

هاوپەیمانی عەزم ئەمڕۆ چوارشەممە، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و دووپاتی کردەوە کە لە دوایین دانیشتنی پەرلەماندا "ووی ڕاستەقینەی" ئەو کەسانەی کە بانگەشەی نوێنەرایەتی پێکهاتەی سوننە دەکەن ئاشکرا کردووە، ئاماژەی بۆشکردووە، هێندێک لایەن دەستبەرداری مافی ئێندامانی پێکهاتەکە بوون لە بەرامبەر مامەڵەی سیاسیدا.

هاوپەیمانییەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "دانیشتنەکەی دوێنێ ڕووخساری ڕاستەقینەی کەسانێکی ئاشکرا کرد"، ئاماژەی بۆشکرد، "ئەوانەی بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەی سوننە دەکەن، یەکەم کەس کە لەسەر مەزی موزایەدە دەستبەرداری مافکانیان دەبن".